# خەون و ئاواتی هونەرمەندان لە ساڵی نوێ





هونەرمەند قادر ئەسعەد:

## بەکۆمەڵێک بەرهەمی جوان دەگەڕێمەوە

ساڵی نوێ وەرزێکی تازە بۆ کارە هونەرییەکانم تەرخان دەکەم، پاش ئەوەی کە ماوەیەکی درێژ بوو لە کارە هونەریەکانم دابڕا بووم، ئەوەش وەك دەزانن هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی نەگریسی دژ بە کوردستان و مرۆڤایەتی بۆیە کارەکانی خۆم وەستاند، بەڵام مژدە دەدەم بە هەوادارانم بە کۆمەڵێك بەرهەمی جوان کە شایستەی ئەوان بێت، بێمەوە خزمەتیان و بە گوڕو تینی زۆر لە جاران باشتر بەردەوام بم.

سڵاوم بۆ گشت خانەوادەی شەهیدان هەیە و ئومێد دەخوازم شەڕ و نەهامەتییەکان جارێکیتر یاخەی نیشتمانەکەم نەگرێت و هاووڵاتیانم پشوویەك لە باوەشی نیشتمانێکی ئارام بدەن، چاوی ئێوەش ماچ دەکەم، کوردستان هەر ئاوەدان و سەرکەش بێت.

گوڵاڵە خەیاتی کچە ئەکتەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

## هیوادارم ئێمەی هۆنەرمەندان هیوا بۆ گەلەکەمان بگەڕێنینەوە

وەکۆ هۆنەرمەندێك هیوادارم لە ساڵی داهاتوودا خەم لە نەتەوەکەم برەوێتەوەو هونەر جێگای خۆی لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان بکاتەوە. کۆمەڵگەی ئێمە بە کاتێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت و ئێمەی هۆنەرمەندان لەسەرمانە هیوا بۆ گەلەکەمان بگەڕێنینەوە، دۆخی کۆمەڵگەی ئێمە وەکۆ دۆخی کەشتییەکەی تایتانیکی لێ هاتووە و دەبێت وەکۆ هۆنەرمەندەکانی ناو ئەو کەشتییە ئێمەش ڕۆڵی خۆمان بگێڕین، بە هیوای ژیانی باشترم بۆ گەلەکەم لە ساڵی داهاتوودا.



بەهار حەسکۆ کچە گۆرانیبێژی ڕۆژئاوای کوردستان:

## پێویستە میللەتی کورد لە خەبات و بەرخودان پێشەنگی مرۆڤایەتی بێت

لە ڕۆژهەڵاتی دنیاوە بۆ ڕۆژئاوای پیرۆزبایی لە مرۆڤایەتی بە گشتی و گەلی کوردی خۆشەویست بەتایبەتی دەکەم بەبۆنەی هاتنی ساڵی نوێوە، هەموو ساڵێك ئێوە لە خۆشی بژین و پێشەنگی مرۆڤایەتی بین لە خەبات و بەرخۆدان و دڵسۆزیمان بۆ کێشە ڕەواکەمان و لە پێناو بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانمان.

لە یەزدانی مەزن و دلۆڤان داواکارم کە هەمیشە لە ئاشتی و ئارامی و سەربەخۆییدا بژین و هەموو مافەکانمان بە دەست بهێنین و تام لەو ئازادییە بکەین کە کاوەی ئاسنگەر پێی بەخشین لە دێرزەمانەوە، کە خۆڕاگر و قارەمان بوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی خوێنمژان، هیوادارم ساڵی نوێ ساڵی خێر و خۆشی و ئاشتی و خۆشەویستی بێت بۆ هەموو کوردێك لە هەر پارچەیەکی کوردستان و هەر شوێنێکی ئەم زەمینە بژیت.








## خانمە هونەرمەند مەروا محەمەد:

## هیوادارم لە هەموو نەهامەتی و کارەسات و ناخۆشییەک دوور بین

ساڵی رابردوو کۆتایی هات و ساڵی نوێش وا بەڕێوەیە، وەك هونەرمەندێك هیوادارم لە ساڵی تازەدا تەواوی گەلی کوردستان و کوردانی هەموو جیهان دووربین لە هەموو نەهامەتی و کارەسات و ناخۆشییەك و وڵاتمان ئارام و ئاوەدان بێت و لەم دۆخە ناجێگیرە کە هەموو لایەکی نیگەران کردووە، رزگارمان بێت و ئارامییەکی سەرتاسەری باڵ بەسەر وڵاتدا بکێشێت و لە جیاتی ناخۆشی و نائارامی خۆشی ببێتە میوانی هەموو ماڵێك لە کوردستان، گەلی کوردستان ماندووبوونی و نارەحەتی زۆری بینیوە، بۆیە هیوادارم بەختەوەر بن و گشت ئاواتەکانمان بێتە دی و لە خۆشی و کامەرانیدا بژین.

## هونەرمەندی بە ئەزموون برادەر:

## سەرکەوتنی ریفراندۆمی کوردستان دەستکەوتێکی مێژوویی بوو

ئێمەی کورد گەیشتینە کۆتایی ساڵێکی تەژی لە خەبات و کار و بەرهەم، سەرکەوتنی هەرە گەورە ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بوو کە مۆری خوی لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی و ناوەڕاست دا، چونکە هەرچۆنێك بێت ئەنجامەکانی ریفراندۆم وەك تاپۆیەکی مێژوویيە لە دەستی ئێمەدا، بەڵام سەد مخابن وڵاتانی دەوروبەر پیلانی دوژمنکارانەیان دانا بۆ پەکخستنی ئەنجامەکانی ریفراندۆم کە ئەمەش تا رادەیەك کاریگەری هەبوو.

پێویستە لەسەر هەموو کوردێك لە ساڵی ٢٠١٨ دا کە لە دەوری سەرکەوتنی پرۆسەی ریفراندۆم کۆ ببنەوە و وانەیەك لە رووداوەکانی ٢٠١٧ وەربگرین، چ لە بواری یەکریزی ناوخۆ یان لە بواری خەباتی سیاسی و دبلۆماسیی نێودەوڵەتی، پێویستە خەباتێکی بێ وچان بکەین و بە هەموومان رێگای سەربەخۆیی دابنێین.

ساڵی ٢٠١٨ لە گەلی کوردستان پیرۆز بێت و با ساڵی یەکگرتن و یەکریزی نێوان کورد بێت.

## خانمە هونەرمەندی رۆژئاوای کوردستان ئالین:

# هیوادارم ٢٠١٨ ساڵی بە دیهێنانی ئاواتە مێژینەکانمان بێت



بەر لە هەر شتێك لە ساڵی نوێدا پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی میللەتی کورد بە تایبەتی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان دەکەم لە هەر چوار پارچەی کوردستان و سەرتاسەری جیهان، هیوادارم ئەم ساڵە ئارامی و ئاشتی لە کوردستان بەرقەرار بێت و میللەتی ئێمەش وەکو هەموو گەلانی دنیا بە مەافە رەواکانی خۆی شاد بێت، و ساڵی پتەو کردنی ریزەکانمان بێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی دوژمن و ناحەزان.

میللەتی کورد هیچی لە نەتەوە و میللەتانی دیکەی جیهان کەمتر نییە و لە مێژووی مرۆڤایەتی رۆڵی گەورەی هەبوو، هیوادارم کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە گرنگییەوە لەو رۆڵەی میللەتی کورد بڕوانن و لەبەر چاویان بێت، نزیکترین بەڵگەش شەڕی تیرۆریستان بوو کە میللەتەکەمان لە بری هەموو دنیا رووبەڕوویان بۆوە تا ئەو کاتەی مەترسییەکانی لەسەر جیهان نەما و لەو پێناوەدا قوربانیی زۆری دا، هیوادارم ساڵی نوێ ساڵی بە دیهێنانی خەون و ئاواتە مێژینەکانمان بێت.

# ئەو گۆرانییەی ڕێڕەوی وڵاتێکی گۆڕی



زۆر جار وڵاتان بۆ بووژاندنەوەی کەرتی گەشتیارییان پشت بە هونەرمەند و کەسانی ناسراوەوە دەبەستن و بۆ ئەم مەبەستەش زۆر جار و کورتە فیلمی تایبەت بەرهەم دەهێنن بەو هیوایەی گەشتیاران رووی تێبکەن، هەندێك جار لەو پلانەدا سەرکەوتوو دەبن، زۆر جاریش ئامانجەکەیان ناپێکن.

بەم دواییە کەرتی گەشتیاری لە وڵاتی پۆرتوریکۆ بووژانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی دوای گۆرانی (دیسپاسیتۆ) کە لە ماوەیەکی دیاریکراوە کە لە حەوت مانگ تێپەڕی نەکرد، سەرکەوتنێکی کەم وێنەی بە دەستهێنا و ژمارەی بینەرانی لە یۆتیوب گەیشتە دوو ملیار و ٥٩٩ ملیۆن کەس، بەمەش پێش گۆرانی (گانگام ستایل) کەوت کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە پلەی یەکەم بوو، هەروەها بەشێکی زۆر لە گەشتیاران روویان لەو وڵاتە کرد و بە ڕێژەی ٤٥٪ ژمارەیان زیادی کرد.

هەردوو گۆرانیبێژی پۆرتۆریکی لویس فۆنسی و دادی یانکی گۆرانییەکە دەڵێن، بەڵام چاودێران پێیانوایە سەرەڕای ناوبانگی ئەم دوو گۆرانیبێژە، بەڵام بەشێکی زۆری سەرکەوتنی ئەم گۆرانییەش بۆ زولیکا ریڤێرای ئیسپانی و شاجوانی گەردوون دەگەڕێتەوە کە خاوەن جەماوەرێکی زۆرە لە سەرتاسەری جیهان.



# حەسنا مەتەر گۆرانییەکی بە کوردی ئامادەیە

دوای ئەنجامدانی چەند چالاکییەکی هونەری لە بەیرووت و دوبەی، خانمە هونەرمەندی لوبنانی حەسنا مەتەر لە کۆنگرەیەکی رۆژنامپوانی تیشکی خستەسەر نوێترین پرۆژەی هونەریی خۆی.

هونەرمەند حەسنا مەتەر لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە شاری هەولێر، نوێترین گۆرانی خۆی بە ناوی (بەدەوی) بە رۆژنامەنووسان ناساند کە لە چەندین شوێنی کەلتووری لە وڵاتی لوبنان و دوبەی وێنەی گرتبوو، کە ئاوازو هۆنراوەی رەواد سەعب، دەرهێنانی رامی حەدادە، بەم زووانەش لە زۆربەی کەناڵە ئاسمانییەکان بڵاودەبێتەوە.

دواتر هونەرمەند حەسنا مەتەر نامەی وەفاو خۆشەویستی لە گەلی لوبنانەوە پێشکەشی گەلی کوردستانی کردو گوتی: هەر چەند گرفت و کێشە بەرۆکی هەردوو گەلی کوردستان و لوبنان بگرێت، بەڵام ئەو دوو گەلە سەلماندیان کرد کە هیچ کاتێك چۆك بۆ نەهامەتییەکان نادادەن و دەیانەوێ بە ئاشتی و خۆشەویستی بژین.

سەبارەت بە نوێترین کاری هونەری خۆی، مەتەر گوتی: لە ئێستادا دوو گۆرانیم ئامادەیە بۆ کلیپ، یەکێکیان گۆرانییەکە بۆ کوردستان بە ناوی (عیدك مبارك یا کوردستان) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبییە، ئاوازی ئەم گۆرانییە هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر دایناوە و هۆنراوەکەشی هونەرمەندی بەناوبانگ کەریم عێراقی نووسیویەتی. گوتیشی: هیوادارم لە ساڵی داهاتوو بتوانم کاری وێنەگرتنی بۆ بکەین.

خانمە هونەرمەند مەتەر کە بە بالوێزی هونەری کوردی لوبنانی دەناسێنرێت، چەند هیواڵی پێگە کۆمەڵایەتییەکانی عەرەبی رەت کردەوە کە باسیان لەوە کردبوو بەهۆی بارودۆخی ئەمرۆ هەولێری جێهێشتبوو، دووپاتی کردەوە، کە ئەو بڕیاری داوە لەکاتی خۆشی و ناخۆشی لە شاری هەولێر نیشتەجێ بێت، بەڵام بە هۆی کارو چالاکی هونەریی خۆی، هەندێك جار ناچارە گەشت بکات، بەڵام دواتر بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە.



## نیها دۆبیا:

# پێویستە ئافرەتان بە هێزتر بن

ئەکتەر و شاجوانی پێشووتری هیندستان نیها دۆبیا، داوای لە ئافرەتانی قوربانیی دەستدرێژی سێکسی کرد کە پێویستە بێدەنگ نەبن بەرامبەر ئەو تاوانانەی دەرهەقیان ئەنجام دەدرێ و لە دادگا سکاڵایان لەسەر تۆمار بکەن، بۆ رێگەگرتن لەو تاوانانەی کە بەردەوام دەرهەق بە ئافرەتان ئەنجام دەدرێت.

نیها لەم بارەوە زیاتر وتی: هەڵمەتی وشیارکردنەوە لە مەترسییەکانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بەتایبەتی دەستدرێژی سێکسی هەڵمەتێکی گشتگیر و فراوانە و هەموو لایەك دەگرێتەوە، نەك چینێکی تایبەت، نیها لە میانەی دیمانەیەکی لەگەڵ ماڵپەڕی (gulf news) وتی: بابەتەکان بۆ ئافرەتان دەگۆڕێن و ژیانیش هەمیشە بەرەو پشتگیریکردن لە رەگەزێکی دیاریکراو هەنگاو دەنێت، بۆیە دەبینین ئێستا بارودۆخی ئافرەتان باشتر دەبێت، بەڵام بەداخەوە جارلی وا هەیە هەندێك جیاکاری ئاشکرا بە دیار دەکەون و دەبنە بەربەست، ئاماژەی بەوەش کرد کە لە ماوەی رابردوودا چەندین هونەرمەند و کەسایەتی ناسراوی هۆلیۆد سکاڵایان لە دژی بەرز کراوەتەوە بە تۆمەتی دەستدرێژی سێکسی وەك بین ئەڤلیك، بریت راتنر، چارلی شین، داستن هۆڤمان و کیڤن سبیسی.

دەربارەی ئاواتەکانیشی نیها وتی: گەورەترین ئاواتی من ئەوەیە بە ئارامی بخەوم و بە باشترین شێوە بخەوم، چونکە حەز ناکەم بە هیچ شێوەیەك خەوم تێك بچێت بە هۆی چەند گرفت ونا رازی بوون لەسەر بابەتێکی بچووك.

داليا ئەلكوری:

# پێویستە دەرگاکانی کوردستان زیاتر بۆ سینەماکارانی بیانی بکرێنەوە



داليا ئەلكوری دەرهێنەری فیلمە دیکیۆمنتارییەکان بە رەچەڵەک فەلەستینییە و خاوەنی رەگەزنامەی ئوردنییە، نیشتەجێی وڵاتی نەرویجە، فیلمەکانی بابەتی مرۆیی دەخەنەڕوو و لە چەندین کەناڵی جیهانی نمایش دەکرێن و چەندین خەڵاتی جیهانی بەدەستهێناوە، لە ساڵی ٢٠١٤ فیلمێکی بە ناوی (پێشمەرگە جارێکی تر) بەرهەمهێنا و لە کەناڵی ئەلعەرەبییە نمایش کرا. بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی دایەوە.

*** ئایا سینەمای مقاوەمە هەیە وەك چۆن ئەدەبی بەرگری هەیە، ئەگەر هەیە، بەچی جیا دەکرێتەوە و پەیامەکەی چییە؟**

- سینەمای دیکیۆمێنتاری بەتایبەتی لە وڵاتانی عەرەبی بە سینەمای بەرگری دادەنرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لە وڵاتەکانمان هەموو شتەکان بە سیاسی کراون، هەر شوێنێکت بویێ کە تیشکی بخەیە سەرو کامیراکەت دابنێی دەتوانی چیرۆکێکی مرۆیی ببینیت وا لە مرۆڤ دەکات کە بەرگری کردنی ئەو واقعە ناخۆشەی کە ئێستا وڵاتانی عەرەبی پێیدا تێپەڕ دەبن زەروورەتێکە و پێویستە پەلەی لێ بکرێت، بەڵام سینەما خۆی وجودی هەیە و ئەرکی سینەما نییە مقاوەمە و چارەسەر کردنی کێشەکانمان نییە، چونکە مقاوەمە ئەرکی سینەما قورستر دەکات و ئەگەر بە شێوەیەکی درووست بەرهەم نەهێنرێت ئەوا سینەما دەبێتە ئامرازێك بۆ پروپاگەندە وەك ئەوەی لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو روویدا. من لە هەموو کارەکانمدا کامیرا ئامرازێك بووە بۆ تێگەیشتن لە واقعی دەوروبەرم بە شێوازێکی قوڵتر و راستگۆیانەتر و لە رێگای وێنەگرتنی ئەو کێشانەی کە کاریگەرییان لەسەر من هەیە و شارەزاییم لێیان هەیە بە هۆی چەند کەسایەتییەکی بەهێز و ئیلهام بەخش.

*** چۆن سینەما لە وڵاتانی هاوشێوەی کوردستان و فەلەستین پەیامەکەی بە راستی بە جیهان دەگەیەنێت؟**

- پێویستە ئەو دەرهێنەرانەی کە گرنگی بە جەماوەری جیهانی دەدەن، ئەوە بزانن کە جیهان و بینەر پێویستیان بە کێشەیەکە کە وەك خۆی بێت بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر هەبێت، واتە هەڵبژاردنی پاڵنەرە کەسییەکانی ئەکتەر و کەسایەتییەکان لەلایەن نووسەر یان دەرهێنەرەوە پێویستە روون و ئاشکرا بێت لەلایەن بینەرەوە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی لێیان تێبگات. بۆ نموونە کەسێکی نەرویجی ناتوانێت گرفتەکانی عێراق وەربگرێت و تێی بگات، بەڵام ئەگەر کەسایەتیی سەرەکی کارەکە (دایك) بێت و پاڵنەرەکەشی بریتی بێت لە پاراستنی منداڵەکەی لە جەنگ و فۆکس زیاتر بخرێتە سەر ئەو کێشە مرۆییە نەك بەرمیل باروت و تەقەمەنی، ئەوا بە ئاسانی دەتوانین بگەینە ئاستی سینەمای جیهانی.

*** بۆ کارەکانت زیاتر پشتت بە چی بەستووە؟**

- هەر لە سەرەتاکانی کاری هونەریمدا هەوڵمداوە لە مرۆڤ بگەم بە هۆی کێشەی شوناسەوە، ئەگەر ئەم کێشەیە پەیوەندیی بە زمان، ئایین یان بە جۆراوجۆریی ئارەزووەکانمەوە هەبێت، زۆر چیرۆك و گرفتمان هەیە کە شایەنی ئەوەن بخرێنە روو، بەڵام لە ناخی ئێمەدا پەنگیان خواردۆتەوە بە بیانووی حەلال و حەرام. من لە چەندین وڵاتی جیاجیادا ژیاوم بۆیە هەست دەکەم کە جیهانی نوێ شوناسی ئاوێتە درووست دەکات و چەند پرسیارێك دەوروژێنێت دەربارەی (ئێمە کێین) و بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە پێویستە بچینە نێو مێژووە و تابۆکان دابونەریت بشکێنین، هەر فیلمێکم بەرهەم هێنا بێت یارمەتیی داوم بۆ ئەوەی زیاتر لە خودی خۆم بگەم و ئاسوودە بم لەگەڵ شوناس و کیانی بەرفراوان و نوێ بۆوەی خۆم بێ ئەوەی ئەسڵ و شوناسی خۆیم لە بیر بکەم کە هەمیشە شانازیی پێوە دەکەم ئەویش (فەلەستینی شۆڕشگێڕییە)، کە تەنیا گوزارشت لە دەوڵەتێك یان نەژادێك ناکات بەڵکو مەفهومێکی فراوانترە ئەویش بریتییە لە ماف و بەرگری کردن لە ماف.

*** ئەو رەخنانە چین کە لە سینەمای کوردی و فەلەستینی دەگیرێن؟**

- بایەخدان بە کێشەی فەلەستین لە سینەمادا زۆر پێشکەوتووە، لە وۆرکشۆپێکدا بەشداریم کرد کە نزیکەی (٢٠) سینەماکاری جیهانی بەشدار بوون تێیدا، لەوانە (١٥)یان باسی فەلەستینیان کرد بوو یان فیلمەکانیان لە فەلەستین بەرهەمهێنا بوو، ئایا ئەمە بە رێکەوت بووە؟ من هیچ لەو دەرهێنەرانە ناناسم، بەڵام زۆربەی ئەو دەرهێنەرانەی دەیانەوێ تیشك بخەنە سەر فەلەستین مایەی سەرسوڕمانە، ئەنجامەکانیش هەمیشە دڵخۆشکەرن، وابزانم سینەمای کوردیش پێشتر ئەم گرنگییە زۆرەی پێدراوە، لەلایەن بەرهەمهێنەرانی سینەمای دەرەوە.

بۆ نموونە ساڵی ٢٠١٤ لە هەرێمی کوردستان دەژیام فیلمێکی دیکیۆمێنتاریم بەرهەمهێنا بە ناوی (پێشمەرگە جارێکی تر — البیشمرکة مرة اخری) کە تیشك دەخاتە سەر (سێ) پێشمەرگەی کۆن کە عەرەب شیوعی بوون، بەڵام ئەگەر من لە کوردستان نەژیابام ئەو بابەتە سەرنجی رانەدەکێشام، بۆیە دەڵێم هەرچەند دەرگاکانی کوردستان بکرێنەوە بۆ هونەر و سینەماکاران زیاتر سینەمای کوردی سەرنجی جیهان رادەکێشێت.

*** ئەو ئاستەنگانە چین کە رووبەرووت دەبنەوە؟**

- گەورەترین گرفت بۆ دەرهێنەر لەوانەیە گرنگترین دەرفەت بێت، (ئارامگرتن) و چاوەڕوانی بۆ کۆکردنەوەی پارەی پێویستە بۆ کۆتایی هێنان بە فیلمە، لەوانەیە فیلمێکی دیکیۆمێنتاری چەند ساڵێکی پێویست بێت، بەڵام ئەم پرۆسە درێژخایەنە دەرهێنەر تاقی دەکاتەوە و جەخت دەکاتەوە لەسەر گرنگی کۆتایی هێنان بە پرۆژەکە، فیلم پێویستی بە ئاگرێکی هێمنە بۆ ئەوەی بیرۆکەکان بە شێوەیەکی قوڵ بخەیتەڕوو، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی کارێکی زەحمەتە.